وانەی 47
1. نزاو نوێژکردن
پێشڕەوی گروپ: نوێژو پارانەوە بکەو دروستکردنی قوتابی بە گروپەکەت بسپێرە.
2. پەرستن "20 خولەك"  خۆتەرخان کردن بۆ خوداو ئامۆژگارییەکانی
لەم وانەیەدا چەند شتێك فێر دەبین دەربارەی پەرستن بۆ خوداو خۆتەرخان کردن بۆ ئامۆژگاری و فەرمانەکانی.
1. خۆتەرخان کردن: خۆتەرخان کردن واتا خۆبەخشین بە کەسێك یان شتێك بۆ ئەنجامدانی کارێك بەنموونە خۆتەرخان کردن بۆ خوداو ئامۆژگارییەکانی پەرستنی خودا زیاتر لەشێوەی خزمەتدا دەردەکەوێت.
2. تەرخانکردنی جەستەمان: ڕۆما 12: 1، 6: 12 ـ 13، 19 بخوێنەوە.
جەستەکان: جەستەی ئێمە تەنها هەرشتێکی فیزیاوی نییە، بەڵکو جەستەمان پێکهاتووە لە ڕۆح و کەسێتیمان وە چەندان ئەندام (ڕۆح و جەستەو دەروون)
- قوربانی زیندوو: لەکاتێکدا گیانەوەران دەکرێنە قوربانی سەر دەبڕدرێن، بەڵام ئێمە دەبێت ئەندامەکانی لاشەمان بکەینە قوربانی بۆ خودا بەزیندوویی، ئێمە چیتر لەناو لاشەیەکدا ناژین کەبەسروشتێکی تاوانکاری کۆن کۆنترۆڵ کرابێ، بەڵکو دەبێت کۆنترۆڵ کرابێ بەڕۆحی پیرۆز و سروشتی ئەو ڕۆحە لەناوماندا بێت.
- قوربانی پیرۆز: ووشەی پیرۆز واتا جیاکردنەوەی پاك و پیس و بەخشینی شتە پاکەکان لەلایەك ئێمە خۆمان جیا دەکەینەوە لەڕەفتاری خراپ و لەلایەکی دیکەوە خۆمان تەرخان دەکەین بۆ خودا.
- قوربانییەك کە ببێتە جیگەی ڕەزامەندی خودا
دەبێت خۆمان بۆ هەموو شتێك تەرخان بکەین کەببێتە جێگەی ڕەزامەندی خودا دەبێت سەردانی ئەو شوێنانە بکەین کە خودا ڕازییە لێیان وە ئەو چالاکیانە ئەنجام بدەین کە خودا لێمان وەردەگرێت.
کاری پەرستنی ڕۆحی یان کاری ڕۆحی بۆ خزمەتکردن
بە هۆی بەخشینی جەستەمان هەموو ڕۆژێ ئێمە پەیوەندیمان بۆ دروست دەبێت لەگەڵ کاری ڕۆحی یان خزمەتی ڕۆحی! پەرستن تەنها لەکاتی نوێژو بۆنە ئاینیەکاندا نییە، بەڵکو لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەشدا پەرستن هەیەو بەنموونە ئێمە خودا دەپەرستین بە هۆی تەرخان کردنی ئەندامەکانی جەستەمان ڕۆژانە بۆ خزمەتی خوداو جیهانە ڕۆحیەکەی.
3. تەرخان کردنی بیرو هۆشمان: ڕۆما 12: 2 بخوێنەوە
نەسازان لەگەڵ ئەم جیهانەدا
ڕێگا بەخۆمان نادەین تاوەکو قاڵب بگرین و چەق بەستوو بین لەناو قاڵبێکی خراپەکاری و شەیتانیدا، بەڵکو دەبێت هەوڵبدەین کە بەهیچ شێوەیەك سازانمان لەگەڵ ئەو کاریگەرییە خراپەکارانەدا نەبێت، لەو کاریگەرییە خراپەکارانە وەکو فەلسەفەی بێدینی وئاینی هەڵبەستراوو بەدڕەفتاری سێکسی، هاوڕێی خراپ، گفتوگۆی خراپ، گۆڤاری پیس، جلوبەرگی سێکسی، کارو باری تیرۆریستی و ئاڵوودەبوون بەدەرمانو....هتد. دەبێت مەسیحییەکان بەرگەی ئەو کاریگەرییە خراپانە بگرن و هێزێکی زۆریان هەبێت لە دژیان، دووربکەونەوە لەو شێوازە ژیانە.
گۆڕان بەرەو خواستی خودا
ئێمە دەبێت خۆمان تەرخان بکەین بۆ بەردەوامی نوێکردنەوەی بیروهۆشمان و وە بەرنامەی خودا بکەینە رێبەرو پێشەنگی کارەکانمان ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کەپەیرەوی فەرمانەکانی خودا بکەین و هاریکاری یەکتری بکەین و لەناوەوە گۆڕانکاری بەسەر بیروهۆشماندا بهێنین بەمەش لەدوایدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەڕوخسارماندا.
4. تەرخانکردنی ئەندامەکانمان
چاوەکان: مەتتا 6: 22 ـ 23 بخوێنەوە

ئێمە چاوەکانمان بۆ خودای تەرخان دەکەین لەبەر ئەوەی چاوەکانمان دەرگای بیرو هۆشمانن، کە بە هۆیانەوە ڕێگا بەشتەکان دەدەین بچنە ناو ڕۆحەکانمان " ئەیوب 31: 1"
گوێیەکان: ئیشایا 50: 4 ـ5 بخوێنەوە
گوێیەکانمان بۆ خودا تەرخان دەکەین، لەبەر ئەوەی گوێیەکانمان دەمان گەیەننە ئەو ئاستەی کە گوێمان لەدەنگی خودا بێت.
زمان: مەتتا 12: 34 ـ 37 بخوێنەوە
ئێمە زمانەکانمان بۆ خودا تەرخان دەکەین لەبەر ئەوەی زمانەکانمان ئەوە دەردەخەن کە لە دڵماندایە "ئەفەسۆس 4: 15، 29"
پەرستن: ئێستا هەوڵبدە کە پەرستنی خودا بکەیت لەڕستەیەك یان دوو ڕستەدا.
کامە ئەندامەی جەستەت بەلاوە گرنگە کە تەرخانی بکەیت بۆ خودا وەکو کارێکی ڕۆحی پەرستن؟
3. بەشداری 20 خولەك" کۆمکار "
هەوڵبدەن بەکورتی بەشداری لەگەڵ یەکتریدا بکەن لەسەر ئەو شتانەی کە فێری بوون لەئەنجامی خۆتەرخان کردن بۆ خوێندنەوەی ئینجیل "کۆمکار 1، 2، 3، 4" گوێ بگرە بۆ ئەو کەسەی کەبەشداری دەکات وە سەرنجەکانی بەجددی وەرگرە بەڵام گفتوگۆی سەرنجەکان مەکەن.
4. فێرکردن "70 خولەك" سەرکردایەتی
تایبەتمەندیەکانی سەرکردەی مەسیحی
ئەم خوێندنەوەیەی نامیلکەی 4 وانەی 47 دەربارەی تایبەتمەندیەکانی سەرکردەی مەسیحیە. ئەم خوێندنەوەیە تایبەتە بە سەرکردایەتی لە پەیمانی نوێدا.
- نامیلکەی 3وانەی 34 ببینە بۆ سەرکردایەتی کڵێسا "خوێندنەوەی ئینجیل 1پەترۆس 5: 1ـ 7"
- نامیلکەی 4 پاشکۆی 4 ببینە بۆ گەشەسەندنی مێژوویی سەرکردایەتی لە کڵێسای مەسیحیدا.
- نامیلکەی 4 پاشکۆی 5 ببینە دەربارەی ڕابەری کڵێساکان.
- نامیلکەی 6 پاشکۆی 3 ببینە دەربارەی کارکاری ئافرەت لەناو ئەندامانی پەرستگادا.
- نامیلکەی 6وانەی 17 ببینە دەربارەی ڕێورەسمی ئایینی کڵێسا و دەسەڵاتی سەرکردایەتی کڵێسا.
أ. سەرکردە بنەڕەتیەکانی کڵێسای جیهانی
ناساندن: سەرکردەی باڵاو نەمری کۆمەڵگای مەسیحی یان کڵێسا بریتییە لە عیسای مەسیح، سەرکردەی بنچینەیی و گرنگی کۆمەڵگای مەسیحیە کە ئەوانیش پەیامبەرەکان دەگرێتەوە
کڵێسا جەستەی مەسیحە وە خۆی نیشاندەدات لەزۆربەی کۆبونەوە ئاینیەکاندا بۆ نوێژ لەسەرانسەری جیهان لە ئینجیلدا کۆبوونەوە " 1کۆرنسۆس 1: 2" بەیەکەوە هاتووە لەگەڵ کڵێسادا "1کۆرۆنسۆس 16: 19 " لە ئینجیلدا هەموو کۆبوونەوەکان بۆ نوێژو مەراسیمە ئاینیەکان سەربەخۆن "کڵێسای ئیسرائیل" "کردار 11: 22" "کڵێسای ئەنتیۆخ" "کردرا 11: 25" "کڵێساکانی ئیسرائیل و لە کلسیا""کردار 15: 41" "کڵێساکانی سیزاریا ""کردار 18: 22" "کڵێساکانی ئەفەسۆس "" کردار 20 ـ 17" تەنها عیسای مەسیح سەرکردەی هەموو دەستەی نوێژ کارانە.
1. عیسای مەسیح
أ. عیسای مەسیح و کڵێسای جیهانی
"کردار20: 28"،"1پەترۆس 2: 25، 5: 4"،"ئەفەسۆس 1: 22 ـ23"،" مەتتا 16: 18" بخوێنەوە.
دۆزینەوەو گفتوگۆکردن: عیسای مەسیح کێیە بەبەراوورد بەکڵێسای جیهانی؟

سەرنج: عیسای مەسیح دۆزەرەوەو دامەزرێنەری کڵێسای مەسیحیە، لەگشت جیهاندا هەروەها عیسای مەسیح سەرۆك و فەرمان ڕەوای قەشەکان و لێپرسراوی هەموو ڕابەرە ئاینیەکانە لەگشت جیهاندا، دانەرو خاوەنی "کڵێسای پەیمانی نوێ"یە بە هۆی مردن و زیندووبوونەوەی، وەبونیادنانەوەی کڵێسا بە هۆی فەرمانڕەوای لەسەر زەوی و لەئاسمانەکاندا، تاکە سەرۆکی کڵێسای جیهانیە هیچ تێبینیەك لە ئینجیلدا نییە کە باسی بوونی هیچ نوێنەرێك بکات کە شوێنی عیسای مەسیح بگرێتەوە لەسەر زەوی.

ب. مەسیح و جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکەی.

دۆزینەوەو گفتوگۆکردن: چۆن عیسای مەسیح فەرمانڕەواییەکەی لەکڵێسادا جێبەجێ دەکات وە هەروەها لە ژیانی مەسیحییەکاندا چۆن ڕەنگدانەوەی دەبێت؟

1. عیسا دەسەڵاتەکەی جێبەجێ دەکات بە هۆی ئینجیلەوە

عیبرانیەکان 4: 12 ـ13، تیتۆس 1: 9، 2تیمۆساوس 3: 16 ـ 17، 1تیمۆساوس 3: 14 ـ15، ئەفەسۆس 6: 17، کردار 20: 27 ـ 32، بخوێنەوە

سەرنج: مەسیح دەسەڵاتی خۆی دەخاتە ڕوو بە هۆی ئینجیل و پەند و ئامۆژگارییەکانی خۆی، ئینجیل بریتییە لە کتێبی نیرراو بۆ مەسیح و هەموو مەسیحیەك عیسای مەسیح چەند دەستوورێکی دانا بۆ کڵێسا کە پێویستە بەپێی ئەو دەستوورە کار بکەن هەموو ئەمانەش لە پەیمانی نوێدا کۆکراونەتەوە نابێت مەسیحییەکان پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئینجیل هەڵسوکەوت بکەن"1کۆرۆنسۆس 1: 19، 4: 6ـ7 " یان نابێت پشت بکەن لەپەیامبەرانی پەیمانی کۆن "ئیرمیا 8:8 "،"ئیشایا 29: 13"،" یەشوع 1: 7"،" وتەکان 4: 2، 5: 32 " وەیان بەگوێ نەکردنی پەیامبەرانی پەیمانی نوێ نەگونجاوەو نەشیاوە " بینین 22: 18 ـ19"،" 2پەترۆس 3: 1ـ2"،" 1پەترۆس 1: 9ـ 12 "،" کردار 26: 22، 28: 25 "،" مەتتا 4: 4 ـ7" نابێت هەرگیز مەسیحییەکان دەست لەبەرنامەی خودا هەڵگرن " مەرقۆس 7: 7ـ8 "،" مەتتا 15: 3،6 "

2. عیسا دەسەڵاتەکەی جێبەجێ دەکات بە هۆی ڕۆحی پیرۆزەوە

سەرنج: ڕۆحی پیرۆز واتا ڕۆحی مەسیح وە وەکو نوێنەری عیسای مەسیح وایە لەسەر زەوی بە تەواوەتی دەربڕی تایبەتمەندیەکانی مەسیحە لە کڵێسادا و شوێنی باوەڕداران و....... هتد. "کردار 1: 5ـ8"، "لۆقا 24: 49 "، "یۆحەننا 14: 26، 20: 21 ـ 23"، یۆحەننا 16: 13 ـ 15 بخوێنەوە. بە هۆی ڕۆحی پیرۆزەوە عیسای مەسیح پەیامبەرەکانی خۆی تەرخان کردووە بۆ کارەکانیان تاوەکو ببنە ڕابەری کڵێساکان بە هۆی ڕۆحی پیرۆزەوە مەسیح هەموویانی ئاڕاستە کردووە بەرەو ووتنی ڕاستی هەروەها بیریان دەهێنێتەوە کەوا چی لەسەر زەوی فێرکردن لەکاتێکدا کەلەسەر زەوی بووە. هەموو شتێکی فێرکردوون کە پێویست بووە بیزانن بەم شێوەیە پەیامبەرەکان دەسەڵات پێدراوو شاهێدی عیسای مەسیحن لەسەر زەوی کە پەند و ئامۆژگارییەکانی مەسیح بۆ خەڵك دەخوێننەوەو وە بانگەشەی خەڵکی دەکەن بەرەو ڕاستی و هەموو ئەو ڕاستیانەش لەپەیمانی نوێدا کۆکراونەتەوە وباسی کراوە ئەو کتێبەی کە ئەوان نوسیویانە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هی عیسای مەسیحە "کردار 15: 28" بخوێنەوە بە هۆی ڕۆحی پیرۆزەوی عیسای مەسیح توانی ڕێبەری کۆبوونەوەو بڕیاردانی نوێنەری کڵێسا بکات کە باوەڕدارانی ئەنتێۆخ بوون. لەگەڵ پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح وە لەگەڵ بەساڵاچووەکانی کڵێسای ئیسڕائیل.

ووشەی (بڕیاردان) لە "کردار 16: 4" زیاتر لەدادگاکاندا بەکار دێت و نابێت هیچ بڕیارێك بەزۆر بدرێت. وەکو کە بڕیاری پەیامبەران کە بەنەرم و نیانی پەند و ئامۆژگارییەکانی مەسیح دەگەیەنن. ئەو ئامۆژگاریانە لای هەندێك خەڵك پەسەندەو هەندێکی تریش ڕەتی دەکاتەوە ئەوەی لێرەدا بۆ مەسیحییەکان زۆر گرنگە ئەوەیە کە واز بهێنن و دووربکەونەوە لەپەرستنی لاوەکی وەك بیت و خودا ئەفسانەییەکان و هەروەها دووربکەونەوە لە بەدڕەوشتی سێکسی کردار 16: 4، هەروەها یەکێك لەو شتە گرنگانەی دیکە کە پێویستە لێی دوور بکەونەوە بە چاوی سووك سەیرکردنی برا جولەکەکانیانە چونکە دەبێت لەبەر

خۆشەویستی خودا یەکتریان خۆش بوێت و وە دوور بکەونەوە لە هەندێك نەریتی وەکو خواردنی ئەو گۆشتەی کە کراوەتە قوربانی بۆ بتەکان و خودا ئەفسانەییەکان یان خواردنی گۆشتی ئاژەڵی خنکێندراو "کردار 15: 28 ـ 29 "؛ "ڕۆما 14: 1 ـ 6" لەبەر ئەوە هیچ شتێك لەم جۆرە نەریتانە وە دەست نایەت "ئەفەسۆس 6: 17"؛ "غەلاتیا 5: 16، 18، 25"؛ "ڕۆما 8: 5ـ10"؛ "یۆحەننا 16: 8" بخوێنەوە ڕۆحی پیرۆز بەردەوام دەبێت لە بیرخستنەوە و ڕابەریکردنی مەسیحییەکان.

3. عیسای مەسیح دەسەڵاتەکەی جێبەجێ دەکات بە هۆی سەرکردایەتی تاکەکانی دەستەی نوێژ کاران.

کردار 20:28 بخوێنەوە، عیسای مەسیح دەسەڵاتەکەی جێبەجێدەکات بە هۆی دەستەی بەساڵاچووانی کۆمەڵەی باوەڕداران (شوێن کەوتنی مەسیحییەکان بۆ ئەو پەند و ئامۆژگارییانەی کە ئەو بەساڵاچووانە لە کڵێسادا باسی دەکەن.) ئەمەش کاتێك دەبێت کە ئەو بەساڵاچوانە گەیەنەری ڕاستەقینە بن خۆشیان پێشتر ڕاستییەکانیان وەرگرتبێت و کاری پێ بکەن. بەڕاستی جێگەی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیە کە کاتێك دەزانی عیسای مەسیح هەمیشە جەخت لەسەر چی دەکاتەوە وە هەمیشە لە هەموو نوێژەکاندا ئامادەیە لەگەڵتدا. هەرکاتێك کە کڵێسا کۆدەبنەوە بۆ نوێژکردن یان قسەکردن بەناوی مەسیحەوە مەسیح خۆی لەناویان ئامادەیە " مەتتا 18: 20، 28: 25".

ج. نموونەکانی یاسای مەسیح

بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: هەندێك لە نموونە دیارەکانی یاساکانی عیسای مەسیح چین؟ کە بە هۆی ڕۆحی پیرۆزەوە لەناو کڵێسادا هەن.

یۆحەننا 46: 8 ـ 10 بخوێنەوە، مەسیح خەڵك لە گوناه و تاوان لادەدات.

یۆحەننا 3: 3 ـ 8، 1پەترۆس 1: 20، 2سالۆنیکی 2: 13 ـ 14، بخوێنەوە ئەو خەڵك بانگ دەکات بە هۆی پەند و ئامۆژگارییەکان و ڕۆحی پیرۆزەوە کەدەبێتە هۆی دووبارە لەدایك بوونەوەیان، پاراستنیان و پیرۆزکردنیان.

1کۆرۆنسۆس 12: 4 ـ 7، 11، ئەفەسۆس 4: 7، بخوێنەوە مەسیح هەوڵدەدات کە مەسیحییەکان بە پاداشتە ڕۆحیەکان ئاشنا بکات.

1کۆرۆنسۆس 3: 6، 12: 5 ـ 7، مەرقۆس 13: 34، بخوێنەوە مەسیح کارو ئەرکی هەموو مەسیحیەکی دیاری کردووە یان هەر خزمەت گوزارییەك کە لەناو کڵێسادا پێش کەش بکرێت. 1کۆرۆنسۆس 12: 18، 24 ـ 26، بخوێنەوە هەر عیسای مەسیحە کە هەموو مەسیحییەکان لەناو کڵێسادا ڕێکدەخات.

لەگەڵ ئەوەشدا مەسیحییەکان بەرپرسیاریەکی گەورەو کەسیان لەسەر شانە لەهەموو ئەو شوێنانەدا ئەگەر ئەو ئەرك و بە پرسیاریەتییەیان پشت گوێ خست با هەرگیز هەوڵ نەدەن بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی مەسیح چونکە ئەمانە بنچینەن کە دەبێت کەسی مەسیحی پەیڕەویان بکات.

2. پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح

بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح کێ بوون؟ کارو دەسەڵاتیان چی بوو؟

أ. پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح گروپێکی بێ هاوتا بوون: مەرقۆس 3: 13 ـ 19 بخوێنەوە. پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح گروپێکی بێ هاوتای خەڵك بوون، لەبەر ئەوە ئەوان لەڕووی کەسایەتییەوە پلەیان بەرز بوو بۆیە هەڵبژێردرابوون وە هێزو دەسەڵاتیان لەلایەن مەسیحەوە پێ درابوو تاوەکو ببنە شایەتی ئەو بەتایبەتی دەربارەی زیندووبوونەوەکەی کردار 1: 21 ـ 22.

ب. پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح ئەرکێکی بێ هاوتایان وەرگرتووە: "کردار 1: 8،" یۆحەننا 20: 19 ـ 23، 16: 12 ـ 15 " بخوێنەوە. دەسەڵاتی تایبەتیان پێ دراوە لە ڕۆحی پیرۆز بۆ ئەرکە تایبەتییەکەیان تاوەکو جاڕبدەن بۆ دەست پێکردنی مێژووی کڵێسا، تاوەکو ئەو

ڕاستیانە تۆمار بکەن کەلەکتێبەکانی پەیمانی نوێدا ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێیان دەوترێ دانەرانی بەردی بناغەی کڵێسای جیهانی "بینین 21: 14 "،" ئەفەسۆس 2: 20".
ت. پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح دەسەڵاتێکی بێ هاوتاو تایبەتیان هەبوو: مەتتا 16: 18 ـ 19، 18: 18 بخوێنەوە. ئەوان دەسەڵاتێکی تایبەتیان پێ درابوو بۆ دامەزراندنی مەزهەب و ڕێبازێك بۆ تەواوی کڵێسا بە هۆی وانە فێرکارییەکانیانەوە " 2تیمۆساوس 1: 13 ـ 14 "،" کردار 15: 28 ـ 29" تاوەکو فەرمان بەمەسیحییەکان بکەن کە پەیڕەوی پەند و ئامۆژگارییەکانیان بکەن "2سالۆنیکی 3: 14"،" 2کۆرنسۆس 10: 4 ـ6"،" ڕۆما 6: 17 "،" کردار 16: 4 " بۆ هێنانە ناوو دوورخستنەوەی خەڵك بۆ ناو پاشایەتی خودای گەورە "کردار 8: 14 ـ 17، 5: 1 ـ 11 " بۆ دەست نیشانکردنی یەکەم سەرکردەی کڵێسا "عیبرانیەکان 2: 3 ـ 4 "،" 2کۆرۆنسۆس 12: 12 "،" مەرقۆس 16: 20".
پ. پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح جێنشینیان نییە: بینین 21: 14، ئەفەسۆس 2: 19 ـ 20، 3: 4 ـ 5، کردار 1: 21 ـ 26، بخوێنەوە. پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح پێك دەهاتن لە 11 قوتابیەکەی عیسای مەسیح "لۆقا 24: 9، 33" وە پۆڵۆسی نێردراو "1کۆرۆنسۆس 1:1، 9: 1"؛ "کردار 22: 14، 26: 15 ـ 18" پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح هیچ جێگرەوەیەکیان نییە لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك ناگاتە پلەو پایەی ئەوان کە شوێنی ئەوان بگرێتەوە بە گوێرەی "کردار 1: 21 ـ 22" ژمارەی پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح بۆ هەتا هەتایە 12 پەیامبەرەو جێگیرە " بینین 21: 14" هیچ تێبینی و سەرنجێك لە ئینجیلدا نابینین کە باسی بەردەوامی شوێن گرتنەوەی پەیامبەرەکان بکات لەلایەن قەشەکانەوە، بەڵکو تەنها عیسای مەسیح وەکو ڕابەری سەرۆکی قەشەکان دەمێنێتەوەو بۆ هەتا هەتایە " 1پەترۆس 2: 25"
ج. دەبێت پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح جیا بکرێنەوە لە پەیامبەرەکانی کڵێسای مەسیحی: پەیامبەرەکانی دەستەی نوێژ خوێنانی مەسیحی نوێنەری ئەو دەستەیەن " فلیپی 2: 25 "،" 2کۆرۆنسۆس 8: 23 " پەیامبەرەکان دانەری دەستەی نوێی باوەڕدارانن " 1سالۆنیکی 2: 6 ـ 7 "،" کردار 14: 1 ـ 4" ئەوانەن کە پەیامبەرێتیان وەرگرتووە وەکو دیاریەکی ڕۆحی " ئەفەسۆس 4: 11 ـ 16 "،" 1کۆرۆنسۆس 12: 28 " ئەوانە ئیشیان خزمەت کردنە لەکڵێسادا هەموویان لەژێر یەك سەرکردەی کڵێسادا کاردەکەن " 1تیمۆساوس 5: 17 ".
بەکورتی: عیسای مەسیح، دەمەزرێنەرو بونیادنەرو خاوەن و سەرۆکی کڵێسای جیهانییە بۆ هەتا هەتایە کڵێسای جیهانی جەستەی مەسیحە پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح بەڕابەری کڵێسا دادەنرێن لەدوای عیسای مەسیح.
ب.سەرکردە دامەزرێنەرەکانی کڵێسای مەسیحی
ناساندن: بەساڵاچووەکان دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی پەیمانی کۆنن وە هەروەها دامەزرێنەری کۆمەڵەی پەیمانی نوێن (کڵێسای جیهانی کەلەچەندان کڵێسا خۆی دەبینێتەوە لە هەر شوێنێك بن) کاتێك هێشتا زیندوو بوون پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح وەکو ئەو بەساڵاچوەکانی کڵێسا فەرمانەکانیان بەجێ دەگەیاند "2یۆحەننا 1: 1"،" 1پەترۆس 5: 1 "،" کردار 6: 2 ـ 4 ". هەرچی یاریدەدەری قەشەکانیشن ئەرکێکی تایەتیان پێ سپێردراوە لەکڵێسادا.
1. بەساڵاچووەکان لەپەیمانی کۆندا:
زەبوورەکان 107: 32، وتەکان 1: 9 ـ 18، 31: 28، دەرچوون 3: 16، 18: 17 ـ 26، بخوێنەوە.
بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: چۆن کۆمەڵەی پەیمانی کۆنی خودایی پێشەنگی کرا؟
سەرنج: لەکۆمەڵەی پەیمانی کۆنی خوداییدا لە پێشتردا واقیعەتێك بووە بوونی هەبووە، پێش 1447 پ.ز "دەرچوون 3: 18، 4: 29 " بەساڵاچووەکان سەرۆکی هۆزەکان بوون " ئیرمیا 19: 1 "،" عەزرا 6: 7"،" 1 سامۆئیل 4: 3 "،" وتەکان 31: 28" یان سەرۆکی بەشێکی عەشیرەتەکان بوون " 2سامۆئیل 12: 17" کاتێك ئیسرائیلیەکان لە فەڵەستین نیشتە جێ بوون هەموو شارو شارۆچکەیەك چەند بەساڵاچوویەکی تێدابوو "پەندەکان 31:

23 "،" راعوس 4: 2"،" وتەکان 21: 3". بەساڵاچوەکان لە بنچینە لەسەر ئاستی تواناو لێهاتوییان و ترسان لەخوداە نرخ و پلەو پایەن، ڕیزیان "دەرچوون 18: 17 ـ 26 " سەرکردایەتیان " ژمارەکان 11: 16 ـ 17" ژیری یان تێگەیشتنیان " وتەکان 1: 9 ـ 18" ئەرکەکانیان بەسەر سەدان و هەزاران کەسدا هەڵبژێردرابوون. خودا ئەوەی بۆ پەیامبەرەکان و قەشە باڵاکان دیاری کردبوو کە تەنها جێگرەوە نەبن، بەڵکو دەبێت لە چەندان جێگەی جۆراوجۆردا خزمەت بەمەسیحیەت بکەن " 1ساموئیل بەشی 8".

2. بەساڵاچوەکان لەماوەی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمانی و یۆنانی و فارسیدا.

بەساڵاچوەکان لەماوەی دەسەڵاتی سیاسی ئیمپراتۆریەتە بێگانەکاندا بەپێی پلەو پایەو گەورەو بچوکی دەسەڵاتیان دەکرد و دەبوونە سەرکردە.

أ. ماوەی دەسەڵاتی ئیمراتۆریەتی فارسی (559 ـ 331) پ.ز: تەنها دوای ئاوارەبوون بۆ بابل (538 پ.ز) لەماوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی فارسیدا سەرکردەیەك هاتە بوون و دەسەڵات گرتنە دەست ئەویش عەزرا 458 پ.ز بوو کە برەوی دا بە دادگەری "عەزرا 7: 25 ـ 26، 10: 14 "

ب. ماوەی فەرمان ڕەوایی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی سلیۆسید (312 پ.ز): لەو ماوەیەدا دەستەیەك بەناوی (ئەنجومەنی پیران) پێکهات کە لە بەتەمەنەکان پێك دەهات لەگەڵ قەشە گەورەو بەناو بانگەکان لە هەموو کۆمەڵگا. بەم شێوەیە یەك ئەنجومەنی پیران هەبوو کە هەموو نەتەوەی جولەکەی بەڕێوە دەبرد.

ت. ماوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (سەدەی یەکەمی پ. ز و د. ز): لەو ماوەیەدا هەموو هەریمێکی ناوخۆیی ئەنجومەنی پیرانی هەبوو بەم شێوەیە زۆر ئەنجومەنی پیران هەبوون لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوەیەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دا (6ـ 66 ز) زۆربەی ئەنجومەنە بەهێزو خاوەن دەسەڵاتەکان لە ئیسرائیل بوون وە پێیان دەووترا (سانهێردین) کەلە بەساڵاچووەکان پێك دەهات لەگەڵ سەرکردەی قەشەکان، وانە بێژی یاسایی و (مەتتا 16: 21) و لەگەڵ ئەندامانی خێزانە بەناوبانگەکانی ئیسڕائیل، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هێزو دەسەڵاتی دا بە سانهێردین لەسەر هەموو کاروبارە ناوخۆییەکانی وولات (باج و لایەنی سیاسی و سەربازی لەدەستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دابوو) تەنانەت سانهێردین لەناو هەموو خەڵکدا ناسراوبوون چونکە بڵاو بوون "کردار 22: 5".

3. بەساڵاچوەکان لە پەیمانی نوێدا (جولەکەکان)

3یۆحەننا 1، پەترۆس 5: 1، کردار 6: 1 ـ 4، 2: 42 بخوێنەوە

بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: چۆن یەکەم کڵێسای جولەکە پێشڕەوی کراوە؟

سەرنج: لەماوەی پەیمانی نوێدا دوای جەژنی جولەکەکان دوای ئەوەی یەکەم دەستەی قوتابییانی مەسیح دروست بوو دەستەیەکی بەساڵاچوانی ئیسرائیل هەڵبژێردرا لەهەمان پۆلی پیاوانی سەردەمی پەیمانی کۆن لەسەرۆك و خێزانەکان و خەڵکانی تری ئاست بەرز لەلایەن باوەڕدارەکانەوە هەڵبژێردراون هەروەکو کە ڕابەرەکان و قەشەکان هەڵبژێردران " کردار 6: 1 ـ 7".

1پەترۆس 5: 1، 3یۆحەننا 1، کردار 6: 4، لۆقا، زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح وەکو بەساڵاچوەکان کاریان کردووە لەکڵێسادا ئەرکی سەرەتایی ئەو بەساڵاچوانە لەدەستەی نوێژ خوێنەکاندا کە بەتاك بوو بریتی بوو لە نوێژ و نزا "کردار 6: 4 "

3. بەساڵاچوەکان لە پەیمانی نوێدا (ناجوولەکەکان)

بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: چۆن دەستەی نوێژ خوێنە تازە دامەزراوەکان لەناو ناجوولەکەکاندا پێشڕەویان دەکرد؟

سەرنج: پەیامبەرەکان و هاریکارەکانیان (بەراووردی سپاردە تازەکان یان بەرێوەبەرەکانی کڵێسا) دەستەی نوێژ خوێنی تازەیان دامەزراند بەساڵاچوەکان دیاریکران بۆ سەرکردایەتی کردن لەهەموو دەستەیەکدا هەروەکو نوسینەکانی پەیامبەرەکان بەتەواوی ئەوە دەردەخەن کە هەرگیز تەنها یەك بەساڵاچوو نەبووە لەناو کڵێسادا، بەڵکو بەگروپ بوون کە کاروباری ئەو

دەستەیان بەڕێوە دەبرد، ئەم گروپەی بەساڵاچووان پێی دەوترا (ئەنجومەنی پیران) "1تیمۆساوس 4: 14 "
بەکورتی: عیسای مەسیح خۆی دانەرو دامەزرێنەرو خاوەنی کڵێسای مەسیحییەکانە "کردار 20: 28"،" مەتتا 16: 18 " ئەو تاکە سەرۆك و بەریوەبەری گشت قەشەکان و کڵێساکانە "1پەترۆس 2: 25، 5: 4 "، "ئەفەسۆس 1: 20 ـ 23 " تاکە قەشەو پەیامبەرە کە لەلایەن خودا خۆیەوە دیاریکراوە وەلەلایەن مەسیحییەکانەوە دانی پێدا نراوە "عیبرانیەکان 3: 1" عیسای مەسیح هێشتا سەرکردەیە سەرۆکی قەشەو هەموو کڵێسە مەسیحییەکانە.
ئەو داوای لەپەیامبەرەکانی کرد کە یەکەم کڵێسای مەسیحی دروست بکەن " بینین 21: 14 "،" ئەفەسۆس 2: 20"،" مەتتا 16: 18 ـ 19 " پەیامبەرەکان سەرکردەی دامەزرێنەری مێژووی کڵێسای مەسیحییەکانن لە دوای عیسای مەسیح. پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح و هاوکارەکانیان بەساڵاچوەکانیان دەست نیشان دەکرد لەیەکەم کڵێسای مەسیحیدا " تیتۆس 1: 5"،" کردار 14: 23 " ئەو بەساڵاچوانە هێشتاش سەرکردەی دامەزرێنەرن لەدەستە تاکەکانی باوەڕداراندا لە ئەمرۆدا. لەکاتێکدا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانیین کەوا پەیامبەرەکانی عیسای مەسیح هیچ جێنشینێکیان بەدوادا نایەت "کردار 1: 21 ـ 22" پەیامبەرەکان بەپێی ئەو فەرمانانە دەڕۆن کە عیسای مەسیح پێی کردوون " 1پەترۆس 5: 1 ـ 4"،" تیتۆس 1: 5ـ 9"،" 1تیمۆساوس 3: 1 ـ 7، 14ـ 15 "،" کردار 20: 17، 28".
ج. کۆمەڵەی بەساڵاچووەکان
ناساندن: بەپێی ناوەڕۆکی پەیمانی نوێ هەموو دەستەیەکی باوەڕداران لەلایەن دەستەیەك لەپیاوان پێشڕەوی دەکرێت کە پێی دەوترێ (کۆمەڵەی بەساڵاچووەکان) " 1تیمۆساوس 4: 14 "،"کردار 20: 17، 28" ئەمرۆ ئێمە ئەو کۆمەڵە ناو دەبەین بەبۆردی یان ئەنجومەنی بەساڵاچووان یان پیران. لەپەیمانی نوێدا زاراوەکانی وەکو ڕابەرو چاودێر هەمیشە پەیوەندیان هەیە بەزاراوەی (بەساڵاچوو)
1. زاراوەکانی (بەساڵاچووان)(ڕابەرەکان) (چاودێرەکان)
1پەترۆس 5: 1 ـ 4، تیتۆس 1: 5، 7، کردار 20: 17، 28 بخوێنەوە.
بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: جیاوازی چییە لە نێوان زاراوەکانی بەساڵاچوو، ڕابەر، چاودێر لەپەیمانی نوێدا؟
سەرنج:
أ. پەیمانی نوێ ئەم زاراوانە بەشێوەی ئاڵوگۆر لە جیاتی یەکتری بەکاردەهێنێت.
هەروەکو ووشەی یۆنانی (presbuteros) بەکار هاتووە لەبەرامبەر ووشەی (بەساڵاچوو) ووشەی قەشە کە بە ئینگلیزی (prist)ی پێ دەوترێ لە ووشەی یۆنانی (presbutros) وەرگیراوە
- ووشەی یۆنانی (diakonos)لە جیاتی ووشەی ئینگلیزی (diacon) بەکارهاتووە کە بەمانای ڕابەر دێت ووشەی ئینگلیزی (diacon) لە ووشەی یۆنانی (diakonos)ەوە هاتووە
- ووشەی یۆنانی(poimen) لە جیاتی ووشەی ڕابەر یان سەرپەرشتیاری کڵێسا (shepherd) بەکارهاتووە
- وشەی لاتینی (pastor)لە جیاتی (shepherd)بەکارهاتووە هەرچەندە ئێستا ئەو ووشەی (pastor)لە ئینگلیزیدا بەکاردێت بەڵام بنچینەی لاتینییە.
هەروەها ووشەی یۆنانی (episkopos) لە جیاتی (overseer)بەکارهاتووە کەبەمانای چاودێری کڵێسا دێت وە ووشەی لاتینی (episkopos) لەبری (shepherd) ی ئینگلیزی بەکارهاتووە.
لە ماوەی پەیمانی کۆندا (30ـ 97 ز) زاراوەی بەساڵاچوو بە ئینگلیزی قەشە (G.Prestuteros) وە ڕابەرو سەرپەرشتیار بەلاتینی و بە ئینگلیزی (pastor) وە چاودێر بەئینگلیزی سەرۆك قەشە (G.Episkopos) ئاماژە بۆ کەسێك وە هەمان پلە دەکات و بەبێ

جیاوازی لە "کردار 20: 17" دا باسی دەکات کە هەموو بەساڵاچووەکان وەکو قەشەکان کاردەکەن وە وەکو سەرۆکی قەشەکان بەبێ جیاوازی "کردار 20: 28"! لە "تیتۆس 1: 5" دا باس دەکات هەموو بەساڵاچووەکان پێیان دەوترێ سەرپەرشتیارو قەشە "تیتۆس 1: 7" وە لە " 1پەترۆس 5: 1" دا باس دەکات کە هەموو هەموویان لەژێر دەسەڵاتی عیسای مەسیح دان " 1پەترۆس 5: 2 ". ئەمەش بەڕوونی ئەوەمان پیشان دەدات کە بەسەیرکردنی بەکارهێنانی ئەم ووشانە لە (لۆقا)دا دەبینین کە پۆڵس و پەترۆس هەرسێ ووشەی بەاڵچوو و چاودێرو ڕابەر لە جیاتی یەکتری بەکاردەهێنن لەپەیمانی نویدا! سەرەڕای ئەو مانایە کە ئەمڕۆ ئەو زاراوانە دەیگەیەنن، پەیمانی نوێ جیاوازی ناکات لەنێوان بەساڵاچووان و چاودێرو ڕابەرەکان.
ب. پەیماننامەی نوێ فێرمان دەکات کە هەموو دەستەیەکی باوەڕداران دەبێت ئەنجومەنێکی بەساڵاچووانی هەبێت وەکو سەرکردایەتی.
باسی دابەشکرنی پلەو پایەی سەرکردەکان نەکراوە لە پەیمانی نوێدا!، بەڵکو تەنها یەك گروپی دامەزرێنەری سەرکردایەتی هەیە کە پێیان دەوترێ (ئەنجومەنی پیران) "1تیمۆساوس 4: 14" لەهەر دەستەیەکی باوەڕداراندا هەموو بەساڵاچووەکان لەو دەستەیەدا بەشدارن لە سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتییان هەیە " 1پەترۆس 5: 1"،" یاقوب 5: 14"،" تیتۆس 1: 5"،" 1تیمۆساوس 5: 17"،" کردار 11: 30، 14: 23، 15: 2، 22، 20: 17 "
ج.مانای ئەو زاراوە جۆراو جۆرانە
سێ زاراوەکەی (presbutros)کە بەمانای بەساڵاچوو (poimen) قەشە دێت وە (Episkopos) کە بەمانای ڕابەرو چاودێر دێتسێ شتی جۆراوجۆریان سێ پلەی وەزیفی جۆراوجۆر دەرناپرن، بەڵکو هەمان پلەو هەمان مانایان هەیە واتا یەك گروپ دەگرنەوە لە سێ لایەنەوە.
زاراوەی (بەساڵاچوو) ئاماژە دەکات بۆ پێگەیشتن لەڕووی ڕۆحی و هەروەها ئەو پلەو پایەی کە هەیەتی وە بونی مەهارەو لێهاتوویەکی زۆر.
زاراوەکانی (چاودێرو ڕابەر) سروشتی کارەکانیان دەردەبڕن
پەیمانی نوێ فەرمان دەکات کە هەموو بەساڵاچووەکانی (کڵێسا) (کڵێسای ناوخۆیی) چاودێرو ڕابەری ئەو دەستەیەن. هەموویان وەکو یەك بەشدارن لەپلەو پایەدا و لەبەڕێوەبردندا.
د. گەشەسەندن و پێشکەوتنی مێژووی سەرکردایەتی لەکڵێسای مەسیحدا بۆ پلەو پایە.
سەیری نامیلکەی 4 پاشکۆی 4 بکە
2. لێهاتویی و بەتوانایی بەساڵاچوەکان لە ئینجیلدا
1تیمۆساوس 3: 1 ـ 7، تیتۆس 1: 6 ـ 9
بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: باسی لێهاتویی و بەتوانایی بەساڵاچووەکان لە ئینجیلدا چۆن هاتەوەو؟
سەرنج: پیاوان تەنها کاتێك هەڵدەبژێردرێن و دیاری دەکرێن کاتێك ئەم داواکارییانەی کەلە ئینجیلدا هاتوون جێبەجێ بکەن کە ئەمانەی خوارەوەن:
أ. چاکی لەڕەفتارو کەسێتیدا: بەبەراوورد بە ئارەزوو و ئاواتەکانی دەبێت کەسێکی زاڵ بێت بەسەر خۆیدا و خۆی کۆنتڕۆڵ بکات وە بۆ پارەش دەبێت ئاگادار بێت ئامانجی سەرەکی لە ژیاندا پارە نەبێت.
ب. ژیانی خێزانی: بەرامبەر بەژنان دەبێت نموونەی دڵسۆزی و بەوەفایی و بێت بۆ ژنەکەی ئەگەر خێزاندار نەبوو دەبێت نموونەی داوێن پاکی و ڕێز بێت بەرامبەر بە هەموو ئافرەتێك بەرامبەر بەمنداڵانیش، دەبێت فێریان بکات کە باوەڕ بەمەسیح بهێنن و پەیرەوی فەرمانەکانی بکەن و رێزی بگرن وە منداڵەکان وافێر بکەن کە ڕێزی باوانیان بگرن.

ت. توانای ڕابەرایەتی و ڕاپەراندنی ئیش و کار: بەگوێرەی پێگەیشتووییەکەی و لێهاتوویەکەی نابێت کەسێك بێت تازە هاتبێتە ناو ڕێبازی مەسیحیەت، بەگوێرەی ئینجیل دەبێت ئاگاداری پەند و ئامۆژگارییەکانی عیسای مەسیح بێت.
3. ئەرکی بەساڵاچووەکان
أ. یەکەم ئەرکی بەساڵاچووەکان بریتییە لەوەی کەببنە چاودێریکارو ڕابەری ئەندامانی کڵێسا. (1پەترۆس 5: 2، کردار 20: 28 ـ 31) بخوێنەوە

بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە:
مانای چییە بوونە چاودێر یان ڕابەری کڵێسا؟
سەرنج: واتا دەبێت ئەو بەساڵاچووانە جێی متمانەی خەڵك و ئەندامانی پەرستگاو ئەرکەکانیان بەجێ بگەیەنن.
ئەرکەکانی ئەو چاودێرانە (بەساڵاچووەکان)
- بەرپرسیاریەتی ئەوەیان لەسەر شانە کە ڕابەرایەتی کڵێسا بکەن هەروەکو لەرێبازی مەسیحدا دیارە واتا چاودێری تەواوی کڵێسا بن "زەبوورەکان 23"،" 1پەترۆس 2: 25"
- بەیەکەوە بەساڵاچووەکان پاریزگاری لە ئەندامان دەکەن و خواردنیان پێ دەدەن و ڕێبەرییان دەکەن بەدیدێکی ڕۆحانیەوە.
- بەیەکەوە بەساڵاچووەکان ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کە گرنگی تەواو بدەن بەئەندامانی کڵێسا و خۆشیان بوێن وەکو هەتیوان و بێوەژنان و تازە باوەڕهێنراوان "1تیمۆساوس 5: 16"
- دەبێت سەردانی نەخۆش بکەن و بۆیان بپاڕێنەوە " یاقوب 5: 14 ـ 15"
- بەساڵاچوەکان بەیەکەوە دەبێت ئاگادارین لەبوونی مامۆستای ساختەو ئەوانەی کەوا هەوڵ دەدەن خەڵك لە نوێژو مەسیحیەت دوور بکەونەوە " کردار 20: 29 ـ 31".
- هەر بەساڵاچویەك چاودێر و پارێزەری بەساڵاچووەکەی ترە وە هەروەها پارێزەری هەموو ئەندامانی پەرستگایە، "کردار 20: 28" بەم شێوەیە هەموو ئەندامانی پەرستگا بەیەکەوە هاوکاری یەکتری دەکەن.
دەبێت بەساڵاچووەکان وەکو قەشەکان هەموو ئەرکێك ڕابپەرێنن و نەوەستن یان تەنها بۆ جێگرتن بن.
ب. ئەرکی دووەمی بەساڵاچوەکان ئەوەیە کە چاودێری ماڵی خودا بن
تیتۆس 1: 7، 1تیمۆساوس 3: 5، 5: 17، 1سالۆنیکی 5: 12 ـ 15 بخوێنەوە
بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: بەساڵاچووەکان وەکو چاودێر بەپرسن لەهەموو چالاکییەك و لەسەلامەتی کڵێسا (G. oikos)
بەرپرسیاریەتەکانی بەساڵاچووان وەکو چاودێر (بەریوەبەر، کارگێر)
- بەساڵاچووان (ڕابەرەکان ناگرێتەوە) دەبێت کارگێری کاروباری کڵێسا بەڕێوەبەرن.
- لە سالۆنیکی و تیمۆساوسدا ئەرکی بەساڵاچووەکان ڕوونکراوەتەوە کە بۆ فەرمانڕەوایی کردن و کارگێری کردن دانراوەو ئەمەش بەپێشڕەوی کردن و ڕاپەڕاندنی کارەکان دەبێت بەباشترین شێوە (G.oikonomos)
لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی سەرکردایەتی کردنی بەساڵاچووان گرنگە بەڵام لەوانەیە هەندێك جار ئەو ئەرکەیان پێ ڕانەپەڕێت "1پەترۆس 5: 2 ـ 3" بەنموونە ئەگەر ئەو بەساڵاچووە نەیتوانی خێزانەکەی خۆی"1تیمۆساوس 3: 4 ـ 5" بە باشی بەڕێوە بەرێت یان نەیتوانی شێوازی مامەڵە کردنی لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا باش بێت ئەوا دەبێت خۆی دەست لەکار بکێشێتەوە و واز بهێنێت تاوەکو مامەڵەی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەگشتی باش دەکات و هاوسەنگییەك دروست دەکات لەنێوان خۆی و خێزانەکەیدا..
بەساڵاچووەکان کاروباری کۆبوونەوەکانی کڵێسا ڕێکدەخەن

- ئەوان هەموو کاربارەکانی کۆبوونەوەکان وەکو خزمەت گوزاری پەرستن لەڕۆژە تایبەتیەکاندا وە دەبێت خۆیان گروپەکان ڕێك بخەن بۆ خوێندنەوەی ئینجیل و کۆبوونەوە تایبەتییەکان "کردار 2: 42 ".
- کۆبوونەوەی تایبەتی وەکو بۆ نموونە پیرۆزکردن و ڕۆژی (دوا نان خواردنی عیسا)کە دەکاتە پێش لەخاچ دانی، فیستیڤاڵی جەژنەکان، مارەبڕین، پرسەکان، سەردانەکان.
بەساڵاچووەکان کاروباری هەموو کڵێسا بەڕێوەدەبەن لەگشت جیهاندا
ئەم چالاکیانەی خوارەوە ئەنجام دەدەن
- ئەوان هانی ئەندامانی دەستەی نوێژ خوێنان دەدەن تاوەکو خێزانەکانیان هانبدەن بۆ نوێژو پەیڕەوی کردنی مەسیحیەت وە هانیان بدەن بۆ خوێندنەوەی ئینجیل و وە لەهەموو هەڵس و کەوت و نەریتێکدا لە مەسیحییەکان بچن "کردار 5: 42"،" مەتتا 5: 13 ـ 16" وە هانیان بدەن تاوەکو نزاو پارانەوە بۆ خەڵکی بکەن بەگشتی "1تیمۆساوس 2: 1 ـ 2".
- پشتگیری خۆیان دووپات دەکەنەوە بۆ یارمەتیدانی هەرێم و ناوچەکەنی ترو یارمەتی هەموو ئەندامانی کڵێسا بدەن لەهەر جێگەیەکی دیکە بن لەو جیهانەدا وەدەبێت یارمەتی هەژارو کەمدەرامەتەکان بدەن " 2 کۆرنسۆس 8، 3یۆحەننا 5 ـ 8، فلیپی 1: 5، 4: 15 ـ 16، ڕۆما 16: 23 ـ 24 "
بەساڵاچووەکان کاروباری مەشق و ڕاهێنانی بەرنامەکان بەڕێوە دەبەن
- کاروباری دروستکردنی قوتابی ڕێك دەخەن لەکۆبونەوەکانیاندا وەهەموو ئەندامەکان دەبێت پەرەیان پێ بدرێت تاوەکو بگەنە قۆناغی پێگەیشتوویی
- هەموو کارو بارەکانی دیکە ئەندامان بۆ خزمەتکردن و بوارە جۆراو جۆرەکان ڕێکدەخەن " ئەفەسۆس 4: 11 ـ 16 "
- پۆلەکانی پیرۆز کردن ڕێکدەخەن، پۆلەکانی فێرکردن بۆ منداڵان، گەنجان، پێگەیشتوان و بەتەمەنەکان و گروپەکانی دیکە
بەساڵاچووەکان کارو باری تایبەتی کەسەکان کەئەندامی دەستەی نوێژ خوێنانن ڕێکدەخەن
- هانی هەموو ئەندامان دەدەن کەخۆشەویستیان هەبێت بەرامبەر یەکتری لەپەیوەندیە تایبەتیەکانیاندا سۆزداربن وەهەوڵی ئەنجامدانی کاری چاکە بدەن " ئەفەسۆس 4: 11 ـ 16 "
- ئەوانن کەهەوڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەی ئەندامەکانیان دەدەن وەهانیان دەدەن بۆ تەوبەکردن و پەشیمان بوونەوە لەهەڵەکان و ئارام بوون و مامەڵەکردن بەووریای و ڕاستگۆیانەوە " تیتۆس 2: 15، 2تیمۆساوس 4: 1 ـ 5 "
- ئەوان ئامۆژگاری هەموو ئەندامەکان دەکەن و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانیان بۆ چارەسەر دەکەن " 1سالۆنیکی 5: 12 ـ 15 "
- مەشق بەقوتابیەکان دەکەن بەرەو وازهێنان لەگوناە و پاکبوونەوە " مەتتا 18: 15 ـ 17 "
بەساڵاچووەکان یارمەتی ڕێکخستنی ئەرکە جۆربەجۆرەکانی ئەندامان دەدەن
- ئەوان یارمەتی ئەندامان دەدەن تاوەکو کارەکانیان ڕێك بخەن و خۆیان ڕێکبخەن لەگەڵ ئەو ئەرکانەی کەمەسیح فەرمانی پێداون
- یارمەتیان دەدەن تاوەکو پداشتی ڕۆحی خۆیان بدۆزنەوە بەدوای تواناو لێهاتوویی خۆیاندا بگەڕێن تاوەکو خۆشیەکانی ژیان ببینن و تواناکانیان بخەنە گەڕ " 1کۆرنسۆس 14: 26 ـ 40، 1یۆحەننا 4: 1، 1کۆرنسۆس 2: 10، 1سالۆنیکی 5: 19 ـ 21، 2تیمۆساوس 1: 6، 1تیمۆساوس 4: 14 "
ج- ئەرکی سێهەمی بەساڵاچووەکان ئەوەیە کە مامۆستای فێرکاری بەرنامەی خودا بن " تیتۆس 1: 9، 1تیمۆساوس 3: 2، 5: 17، 1سالۆنیکی 5: 12 " بخوێنەوە
بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: مانای چییە؟ (ببینە مامۆستای فێرکاری بەرنامەی خودایی)
سەرنج: وەکو مامۆستا، بەساڵاچووەکان متمانەیان پێ دەکرێت تاوەکو ئینجیل بەکار بهێنن وەکو پەند و ئامۆژگاری

ئەرکەکانی بەساڵاچوان وەکو مامۆستاو وتار بێژ:
- دەبێت وتار بدەن بۆ باوەڕداران و بێ باوەڕەکان وە هەوڵبدەن ڕێبازی عیسایان بۆ ڕوونبکەنەوە " 1تیمۆساوس 5: 17 "
- ئینجیل بەکار بهێنن تاوەکو گفتوگۆ بکەن دەربارەی مەسیح کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ بێ باوەڕەکاندا دەکەن " کردار 17: 1 ـ 4، 11 "
- هەموو ئەندامانی دەستەی نوێژکاران فێری هەموو ئەو زانیاری و فەرمانانە دەکەن کەلە ئینجیلدا هاتووە " کردار 20: 20، 27 "
- هەموو ئەندامەکان فێر دەکەن تاوەکو پەیڕەوی فەرمانەکانی مەسیح بکەن هەوڵ دەدەن بەرنامەو پەند و ئامۆژگاری خودایی لەبیرو هزریاندا بچەسپێنن، هانی ئەوانە دەدەن کەوا باوەڕیان بەخۆیان نیە تاوەکو ئازا و توانا بن و ئاگاداری تەمبەڵ و نەزانەکان دەکەنەوە بەنەرمی تاوەکو واز لەتەمبەڵی و نەزانی بهێنن و بێنە ناو دونیای پڕئاسودەیی و خۆشگوزەرانی " 2تیمۆساوس 2: 23 ـ 26، 1سالۆنیکی 5: 12 ـ 15، کۆلۆسی 3: 16 "
- ئەوانن کەبڕیار دەدەن کاروباری مەزهەبەکان و ڕێبارەکان ڕێك دەخەن " 2 تیمۆساوس 1: 13، کردار 15 " هەروەها هەموو شتێکی ساختەو درۆ بەرپەرچ دەدەنەوەو بەدرۆی دەخەنەوە.
د- چوارەم ئەرکی بەساڵاچووەکان ئەوەیە کە خزمەتکاری خوداو خەڵك بن
" مەتتا 20: 25 ـ 28، 1پەترۆس 5: 2 ـ 3 " بخوێنەوە
بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: مانای (خزمەتکاری خوداو خەڵك) چییە؟
سەرنج: وەکو خزمەتکار بەساڵاچووەکان متمانەی ئەوەیان پێ دراوە کەخزمەتی خوداو خەڵك بکەن بەپەڕۆشەوەو بەشێوەیەکی دڵسۆزانە، دەبێت کارەکانیان ڕاپەڕێنن بەمەبەستی سودو قازانجی گشتی خزمەتکردن تەنها ئەرکێك نیە، بەڵکو تایبەتمەندیەکی بەساڵاچوانیشە دەبێت سەرکردایەتی ئەو بەساڵاچووان لەکۆبونەوەو نوێژەکاندا جیاوازبێت لەو سەرکردایەتیەی کەلە جیهاندا بەگشتی هەیە
هەردوو عیسای مەسیح و پەیامبەر پەترۆس قەدەغەیان کردووە کە ڕابەران لە نوێژەکاندا وەکو گەورەو سەرکردە مامەڵە لەگەڵ ئەندامەکانی دیکە بکەن و ئەوان لەخۆیان بنزمتر بزانن وە یان هەوڵبدەن کەئەندامەکان یارمەتیان بدەن، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دەبێت ئەوان خزمەتی ئەندامان بکەن و هەوڵبدەن وەکو ئەوانی دیکە خۆیان بنوێنن و هیچ خۆیان فەڕز نەکەن بەسەر ئەوانی دیکە " لۆقا 22: 25 ـ 27، مەرقۆس 10: 45 "
4. مەشق و ڕاهێنانی بەساڵاچووەکان: بەساڵاچووەکان وەکو پێویست ڕانەهێنراون لەسەر سیمیناری ئایینی یان لەسەر قوتابخانەی ئینجیل، لەبەر ئەوە لەپەیمانی نوێدا بەساڵاچووان قەشەی تەواو نین، وتار بێژو مامۆستای تەواو نین " 1تیمۆساوس 3: 2 " وەدەبێت شێوازێکی ڕێك لەشوێنکەوتنی مەسیحدا هەبێت " تیتۆس 1: 9 "! هەندێك لەبەساڵاچووان لەپەیمانی نوێدا بەشێوەیەکی سەرەکی وتار بێژو مامۆستان " 1تیمۆساوس 5: 17 " بەڵام ئینجیل هیچمان پێ ناڵێت دەربارەی سیمینارە ئایینیە تازەکان هەموو مەسیحییەکان هاندەدرێن کەفێر بکەن و خەڵکانی دیکە ڕابهێنن " مەتا 28: 19، کۆلۆسی 3: 16 "
5. دەسەڵاتی بەساڵاچووەکان
أ- بەساڵاچووەکان دەسەڵاتیان هەیە لەو شوێنانەی کە ئەرکەکانیانی تێدایە، دەسەڵاتیان سنوردارە دەسەڵات بۆ ڕزگارکردنی خەڵك. بەساڵاچووەکان دەسەڵاتیان نیە بەسەر پارەو خودی ئەندامەکاندا دەسەڵاتیان بەسەر خێزانەکاندا نیە یان بەسەر پیشەو کاتیانەوە لەبەر ئەوەیە کە عیسا فەرمان دەکات بەسەر بەساڵاچووەکاندا کەمافیان بەسەر لایەنە تایبەتیەکانی ژیانی خەڵکدا نیە.
ب- ئەو بەساڵاچووانە کە هێشتا تەمەنیان زۆر نەڕۆیشتووە وە دەسەڵاتیان هەیە هەروەها هەڵوێست هەبوون بۆ هەردوو بەتەمەنەکان و گەنجەکان بەرامبەر یەکتری لە نوێژ کردندا " 1پەترۆس 5: 5.

5. نوێژ و نزا 8 خولەك
هەوڵبدەن نوێژ و نزا بکەن وەکو سوپاسگوزاریەك بۆ خودا لەسەر ئەو شتەی کەفێری بویت
6. ئامادەکاری بۆ ماڵەوە 2خولەك
بۆ وانەی داهاتوو
پێشڕەوی گروپ: ئەم ئامادەکاریە بەشێوەی نوسراو یان کۆپی بدە بەئەندامانی گروپ
1. ڕاسپاردە: دروستکردنی قوتابی بەگروپەکەت بسپێرە لە ڕێگای وتاردان و فێرکردن و خوێندنەوەی ئینجیل
2. کات تەرخانکردن: هەوڵبدە کات تەرخان بکەی بۆ خوێندنەوەی نیوەی بەشی " کۆمکار 5، 6، 7، 8 " هەموو ڕۆژێك باشترین شێواز بەکار بهێنە
3. خوێندنەوەی ئینجیل: وانەی داهاتووی خوێندنەوەی ئینجیل ئامادە بکە لەماڵەوە " کردار 20: 17 ـ 38 " بابەت: بەردەوام بوون لەسەر سەرکردایەتی دەستەی نوێژ خوێنان لە جیهاندا.
4. نوێژ و نزا: نوێژ و نزا بکەو هەوڵبدە بۆ کەسێك یان شتێکی دیاریکراو بپاڕێرەوە سەیری " زەبورەکان 5: 3 " بکە
5. دەفتەرەکەت نوێ بکەوە کەسەبارەت بەقوتابی دروستکردن و سەرنج و تێبینیەکانە